# لە سوید
# زمانی کوردی زمانێکی رەسمییە!



نەوزاد عەلی ئەحمەد ــ سوید
nawzad.ali@hotmail.com

کە گەیشــتیە سوید، لە فرۆکەخانە، لە نزیك شوێنەکانی وەستانی تاکسی بە زمانی کوردی قســە بکەو بڵێ دەمەوێت بچمە فلان شــوێن، شۆفێرێکی کوردت لێ پەیدادەبێتو بە ئەمانەتەوە بۆ شوێنی مەبەستت دەبات.

ئەگەر لە ناوبازاری ســتۆکهۆلم بزربوویت، لە ســوچێکدا پشوویەك بدەو کوردێکت لێ پەیدادەبێتو رێی مەبەستت پیشاندەدات.

ئەگــەر نەخــۆش بــوویو پێویســتت بە پزیشــك هەبوو، ئــەوە رۆژی مەوعیدەکەت وەرگێرێکی کورد ئامادەدەکرێت.

ئەگەر ویستت خۆت تەســلیم بکەیتو داوای مافی پەنابەرییێتی بکەیت، هەر لــە دائیرەی کۆچبەران چوویتە ژوورەوەو گوتــت کورد، لەماوەی دوو چرکەدا وەرگێرێکی کوردت بۆ ئامادەدەکەن.

ئەگەر رێت کەوتــە دائیرەی کارو داوای کارت کرد، بەڵام ســویدییەکەت باش نەبوو، پێتدەڵێن فلان رۆژ وەرەوە وەرگێرت بۆ دێنین.

ئەگــەر لەرێگای تەلەفــۆن داوای ئامۆژگاریی تەندروســتیتکرد، خانمێك یاخود پیاوێك، بەزمانی کوردی کۆمەڵێك ئامۆژگاریت پێشکەش دەکات.

ئەگــەر لەگەڵ ژنەکەت شــەربکەیتو کارەکەتــان بکەوێتە لای پۆلیسو دادگا، ئەوە زیرەکترین وەرگێرت بۆ بانگدەکەن.

لەهەمووی خۆشــترو ســەیرتر، دائیرە کۆرســێکی بەهــەزاران دۆلار بۆ خانمێك کریبوو تا بروانامەی وڵاتەکەی تەعدیل بکاتو ببێت بە مامۆستا، پاش تەواوبوون سویدیەکەی باش نەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی سوید پێویستی بە مامۆســتایە، خانمیــان دامەزراندو رۆژانــە وەرگێرێکیشــان بۆ بەکری گرتبوو، خانم بەزمانی کوردی وانەی بە منداڵانی ســوێدی دەوتەوەو کاکی وەرگێریــش وردە وردە وانەکەی راســتەوخۆ بۆ منداڵان وەردەگێرایە ســەر زمانی سویدی!

ئەم نووســینەم بەو پرسیارە خۆشــە کۆتایی پێدێنم، پێرار بەمەبەستی بەســەرکردنەوەی خزمو دۆستان ســەردانی ئەڵمانیام کرد، ژنێکی خزممان لێیپرســیم، ئەری نەوزاد دەڵێن لە هەموو کوچەو کۆڵانو شەقامێکی شاری ســتۆکهۆلم کورد بڵاوبۆتەوە، ئەگەر کەســێك قلپی بێتەوە، دوو سێ کەس دەڵێن عافییەتت بێت..!!

بــەڵام لەسەیروســەمەران ســەیرتر، حکومەتــی هەرێمی کوردســتانو ســەرکردایەتی کورد، کۆنگــرەی پەرلەمانی عەرەبیان لــە رەوەندی کورد لــە دەرەوە پێ گرنگترەو تا ئێســتا هەر بۆ نموونــە، بیریان لە کۆنگرەیەك نەکردۆتەوە سەبارەت بە گەنجینەیەك کە ناوی کوردی هەندەرانە.

ســوید بەو شــێوەیە خزمەتی کورد دەکات، کەچی حکومەتی هەرێمیش زیاتر لە نیو ملیۆن کوردستانیی فەرامۆشکردووە!